سەید حەکیم: هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی وەك پرۆگرامێکی میانڕەوی و ناوەندگیرییە و مێژووی پاكە لە خوێنڕشتن و پارەی حەرام

لەپارێزگای دیالا، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم، سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە پاڵێوراوانی هاوپەیمانێتییەکە لەپارێزگاکە کەوت و دوای گوێبست بوون لە قسەی ئامادەبووان ڕوونیکردەوە کە ئەو ئەرکانەی پاڵێوراوان دەیکەن بە سەرکەوتنی پرۆژەیەکی بەهێزی دەولەتە و داخی خۆی دەربڕی بە بەکارهێنانی پارەی سیاسی و فشار خستنە سەر فەرمانبەران بە ئەوەی دەنگەکانیان بە لایەنی سیاسی دیاری کراو بدەن و ڕوونی کردەوەش کەئەوە فشار دەخاتە سەر هاولاتی و تووڕەیی لێ دروست دەبیت لەبەر ئەو لایەنەی ناچاری کردوون دەنگ بەم شێوەیە بدەن و دووپاتی کردەوە کە دەنگی حەرامیش وەك پارەی حەرام وایە.

بەڕێز سەید حەکیم ئاماژەی بەوەدا کە هاوپەیمانی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی مێژووێکی ڕوون و بێگەردی هەیە و دەستی لە خوێنڕشتن و پارەی نایاسایی نییە تا ئەو ڕادەیەی کە لە هەندێک بواردا بۆتە ئایکۆنێک لەوانە ڕێبازی میانڕەوی و ناوەندگیری و یەکڕیزی پەیڕەو دەکەن و دووپاتیشی کردەوە کە ئەمە ڕێبازی پێغەمبەری خودا (د) و ئەهلی بەیت بووە (سڵاوی لێ بێت) .

سەماحەتی حەکیم داوای چڕکردنەوەی هەوڵەکانی کرد بە سەر بوارە ئامانجدارەکان و بەرهەمهێنان و کارلێکەکان و هۆشداریشی دا لە پەرتەوازەیی هەوڵەکان و تەئکیدیشیکردەوە کەسەرکەوتنی پڕۆژەی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت سەرکەوتنە بۆ عێراق و سەقامگیریی، بەڕێز حەکیم ئاماژەی بەوەدا کە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان ڕاستەوخۆ یارمەتیدەر دەبن بۆ پشتیوانیکردن لە سەقامگیری و گۆڕینی بە سەقامگیریی بەردەوام و هەمیشەیی هاوکات داوای پەرەپێدانی ڕێبازی میانڕەوی وناوەندگیری و ڕۆڵی لە پاراستنی عێراقدا کرد.

سەماحەتی حەکیم جەختی لەسەر گرنگی دڵنیابوون لەوە کرد کە سەرکەوتن ببێتە ئامرازێک بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان و جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و کەمکردنەوەی زیانەکانی خەڵک و دووپاتی کردەوەش لەسەر گرنگی بەرەوپێشبردنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و نەوت و گەشتیاری لەدیالە و سوود وەرگرتن لە پێگەی جوگرافیی دیارەکەی، بەڕێز حەکیم ئاماژەی بەوەشکرد کە پاڵێوراوەکە ناچارە دوای گەیشتنیان بە پەرلەمان کەناڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر بهێڵێتەوە و ئەمەش متمانەی نێوان جەماوەر و نوێنەرەکانیان بەهێزتر دەکات و ئاماژەی بەوەشکرد کە پڕۆژە ڕاستەقینەکان لە 11/11 دەست پێدەکەن نەك لەم کاتە کۆتاییان پێ بێت.

لەکۆتاییشدا سەماحەتی سەید حەکیم گوتی بەرنامەی هەڵبژاردنەکانی هاوپەیمانێتییەکە بریتییە لە چاکسازی دارایی و ئابووری و دەستگرتن بە بەهای ئاینی و کۆمەلایەتی و نیشتمانی جگە لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە هاولاتیان.